نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق
نوسینگەی راگەیاندن

# هـــەواڵنامـــەی یونــــامی
## دەنـــگی نێـــردە

هەواڵنامە | ژمارە سی و دوو | نیسانی 2009

# نەتەوە یەکگرتووەکان چواردەمین راپۆرت لەسەر رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە عیراقدا دەردەکات

لە ٢٩ی نیسانی ٢٠٠٩ نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یـــونـــامی) چواردەمین راپۆرتی خۆی لەسەر رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە عیراقدا لە ماوەی حوزەیران تا کۆتایی کانونی یەکەمی ٢٠٠٨ دەرکرد. راپۆرتەکە تێبینیی دەکات کە:

1. نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٠٨ باشتربوونی زیاتری رەوشی ئاسایشی بەخۆوە بینی کە لە چەند مانگی یەکەمی ئەم ساڵدا بەدەرکەوت لەگەڵ کەمبوونەوەی ژمارەی هێرشی زۆر بەرچاوی زۆر قوربانی لەلایەن میلیشیا و یاخیبووان و باندە تاوانکارییەکانەوە.

2. بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە، وەزارەتی تەندروستی ژمارەی قوربانییانی مەدەنیی لە عیراق بڵاوکردەوە. بەپێی راگەیاندنی وەزارەت، لە ساڵی ٢٠٠٨دا ٦٧٨٧ کەسی مەدەنی کوژراون و ٢٠١٧٨یش بریندار بوون.

3. یـــونـــامی هێشتا نیگەرانە لە رەوشی گشتیی مافەکانی مرۆڤ بە هۆی زۆر دووبارەبوونەوەی هێرشی هەڕەمەکی و کوشتنی بەمەبەستی ئەندامانی هێزەکانی ئاسایش و بەرپرسانی پلە بەرز و فەرمانبەرانی میری و سەرکردە سیاسی و ئایینییەکان و کۆمەڵەکانی پیشەگەرانی وەك رۆژنامەنوسان و پەروەردەکاران و پزیشکان و دادوەر و پارێزەر و خەڵکانی تری مەدەنی بە رێژەی بەرز و بە بەردەوامی شانبەشانی رفاندنی تاوانکارانە بەمەبەستی پارە پەیداکردن.

4. بە هەمان رادەی نیگەرانیش، سیمایەکی دیکەی ماوەی راپۆرتەکە زیادبوونی هێرشی دژی سەرکردەکانی کەمینەکان و دەربەدەرکردنی زیاتر لە ١٢٠٠٠ مەسیحی بوو لە موسڵ لە مانگی تشرینی یەکەمدا.

5. توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان و سەرتاپای عیراقدا هێشتا مەسەلەیەکی مایەی نیگەرانیی زۆرە چونکە شێوازی رووداوە تۆمارکراوەکانی خۆکوژی زۆرجار ئاماژە بۆ کوشتنی پەیوەندیدار بە "شـەرەف" دەکەن.

6. باشتربوونی رەوشی ئاسایش دامەزراندنەوەی تەواوی حوکمی یاسا و مامەڵەکردنی سیستماتیکی لەگەڵ دەربازبوون لە لێپێچینەوەی لەگەڵدا نەبوو. لە زۆر حاڵەتدا ئەنجامدەرانی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ نەهێنراونەتە بەردەم دادگا. یـــونـــامی بەبەردەوامی رایگەیاندووە کە لەوانەیە باشبوونی ئاسایش سەقامگیر نەبێت بەبێ هاویشتنی هەنگاوی گرنگ لە بواری مافەکانی مرۆڤ وەکو بەهێزکردنی حوکمی یاسا و مامەڵەکردن لەگەڵ دەربازبوون لە لێپێچینەوە.

7. سەبارەت بە رەوش لە زیندانەکان و ناوەندەکانی دەستبەسەرکردن، لە کۆتایی ئەو ماوەیەی راپۆرتەکە دەیگرێتەوە سەرجەمی ٤١٢٧١ کەس هێشتا دەستبەسەر بوون لەلایەن دەسەڵاتە جیاوازەکانی وەك وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی داد و وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و هێزە فرەنەتەوەکان لە عیراقدا. لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٨ ژمارەی دەستبەسەرکراوانی ژێر دەسەڵاتی عیراقی

**8. لــەو ماوەیەی ئەو راپۆرتە دەیگرێتەوە:**

- ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عیراقی راپۆرتی داوە کە بەپێی یاسای لێبوردنی گشتیی ٢٧ی شوباتی ٢٠٠٨ ١٢٧٤٣١ کەس شایستەی لێبوردن بوون.
- بەپێی وەزارەتی مافەکانی مرۆڤ، تا ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٨ ژمارەی ئەو کەسانەی بەپێی ئەو یاسایە بە ئیجابی بەڕێکراون بەم شێوەیەیە: لە دەستبەسەرکراوانی لای وەزارەتی داد ٣٢٣٢ ئازاد کراون و ١٠٩ کەیسیش هێشتا لەژێر لێکۆڵینەوەدان، لە وەزارەتی ناوخۆ ٢٧١٥ ئازاد کراون و ٢٧٩٥ کەیسیش بە ئیجابی بۆ لێبوردن لەبەرچاو گیراون بەڵام ئازاد نەکراون چونکە دەستبەسەرن بۆ تاوانی تری پێش دادگاییکردن کە یاسای لێبوردنی گشتی نایانگرێتەوە. لە وەزارەتی بەرگری ١٢٥٢ کەس لە یاساکە سوودمەند بوون و لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیش ٣٤٣ کەس سوودمەند بوون.
- تا ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٨یش جێبەجێکردنی یاسای لێبوردن هەر بەرەوپێش دەچوو بەڵام هێشتا رەوشی جەنجاڵیی زیندانەکان و شوێنەکانی دەستبەسەرکردنی سووك نەکردبوو.

## پێرست

نەتەوە یەکگرتووەکان چواردەمین راپۆرت لەسەر رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە عیراقدا دەردەکات ..................... 1
ئـۆچـا سەکۆیکارێك بۆ راهێنانی رێکخراوە ناحکومییە نێوخۆییە عیراقییەکان ساز دەکات ........................... 2
گوڵەکانی عیراق: منداڵانی عیراق نواندنێکی مۆسیقا پێشکەش دەکەن ................................................... 3
حکومەتی عیراق و رێکخراوی تەندروستی جیهانی وشیاری راگەیاندن لەسەر ئەنفلەونزای بەراز بڵاو دەکەنەوە ..................................................... 4
رێکخراوەکانی لە عیراق دەستبەکارن چالاکییەکان بە گوێرەی کەرتەکان ................................................ 5

٢٦٢٤٩ کەس بوو و ئەوانەی ژێر دەسەڵاتی هێزە فرەنەتەوەکان لە عیراقدا ١٥٠٥٨ کەس بوون.

8. ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عیراقی راپۆرتی داوە کە ١٢٧٤٣١ کەس مافیان هەبووە بەر یاسای لێبوردنی گشتیی ٢٧ی شوباتی ٢٠٠٧ بکەون. بەپێی وەزارەتی مافەکانی مرۆڤ، تا ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٨ ژمارەی ئەو کەیسانەی بەپێی ئەو یاسایە بە ئیجابی بەڕێکراون بەم شێوەیەیە: لە دەستبەسەرکراوانی لای وەزارەتی داد ٣٢٣٢ ئازاد کراون و ١٠٩ کەیسیش هێشتا لەژێر لێکۆڵینەوەدان، لە وەزارەتی ناوخۆ ٢٧١٥ ئازاد کراون و ٢٧٩٥ کەیسیش بە ئیجابی بۆ لێبوردن لەبەرچاو گیراون بەڵام ئازاد نەکراون چونکە دەستبەسەرن بۆ تاوانی تری پێش دادگاییکردن کە یاسای لێبوردنی گشتی نایانگرێتەوە. لە وەزارەتی بەرگری ١٢٥٢ کەس لە یاساکە سوودمەند بوون و لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیش ٣٤٣ کەس سوودمەند بوون. تا ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٨یش جێبەجێکردنی یاسای لێبوردن هەر بەرەوپێش دەچوو بەڵام هێشتا رەوشی جەنجاڵیی زیندانەکان و شوێنەکانی دەستبەسەرکردنی سووک نەکردبوو.

9. چەند پەرەسەندنێکی دامەزراوەیی و یاسایی لە ماوەی راپۆرتکراودا روویانداوە وەکو ئیمزاکردنی یاسای پەیماننامەی دژی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی تر یان سزادانی دڵڕەقانە و نامرۆییانە و رووشکێن، کە چاوەڕوان دەکرێت ببێتە مایەی گونجاندنی ئەو یاسایانەی ئێستا هەن لەگەڵ سەپاندنی ئەو پابەندییانەی لەو پەیماننامەیە دەکەونەوە.

10. تێخستنی بڕگەی نوێنەرایەتیی کەمینەکان لە یاسای هەڵبژاردن هەنگاوێکی گرنگ بوو بە قازانجی دانپێدانانی باری کەمینەکان بەپێی ماددەی ١٥٢ی دەستور. هەروەها، پاش دوو ساڵ گفتوگۆ پەرلەمانی عیراق یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤی پەسند کرد کە دەبێ ببێتە دامەزراوەیەکی بنەڕەتی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بۆ هەموو ئەو خەڵکەی لە خاکی عیراقدا دەژین ین کار دەکەن. لە هەرێمی کوردستاندا دوو دەستپێشخەریی گرنگ کران: یەکیان دامەزراندنی ٣ لیژنە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژی دژی ئافرەتان بوو، ئەو تر پەسندکردنی یاسای نوێی رۆژنامەوانی بو. یونامی پێشوازی لەو پەرەسەندنانە دەکات. ■

# ئۆچا سەکۆیکارێك بۆ راهێنانی رێکخراوە ناحکومییە نێوخۆییە عیراقییەکان ساز دەکات



راهێنانەکەی ئۆچا لە میوانخانەی ئەلڕەشید (وێنەی نەتەوە یەکگرتووەکان / ریچارد باجۆرناس)

نوسینی: رەندا جەمال

نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگیی کاروباری مرۆیی (ئۆچا OCHA) لە ٨ی نیسانی ٢٠٠٩دا سەکۆیکارێکی ساز کرد بۆ راهێنانی رێکخراوە ناحکومییەکان لەسەر ئامادەکردن و پێشکەشکردنی پێشنیاری پڕۆژە بۆ سندوقی فراوانکراوی بەدەنگەوەهاتنی مرۆیی (ERF). دامەزراندنی سندوقی فراوانکراوی بەدەنگەوەهاتنی مرۆیی لەپێناو داراییکردنی ئەو رێکخراوە ناحکومییە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییانەیە کە بەدەنگ پێداویستییە بەپەلەکانی ئاوارەی ناوخۆ و بوارەکانی پەنادان و تەندروستی و پەروەردە و ئاو و ئاوەڕۆوە دەچن. بەرپرسی کاروباریی مرۆیی لە ئۆچا خاتوو ئیمان ئەلوەزیر وتی: *"دامەزراندنی ئەو سندوقە بۆ مەسەلەکانی پەیوەست بە تەنگاوییە و بەپێی بارودۆخ دەستنیشان دەکرێن."*

بارودۆخەکان بەپێی بەلەنگازی دەستنیشان دەکرێن نەك حاڵەت. لە وەڵامی داوای نمونە، ئیمان ئەلوەزیر وتی: *"بۆ نمونە بێوەژنێك کە لە هیچی کەم نییە حاڵەتێکی هەیە کە کاریگەریی بەسەر ستانداردی ژیانییەوە نییە. بە هەرحاڵ، ئافرەتێك کە مێردی هەیە و ئاوارە و هەژاریشە ئەوە لە راستیدا بەلەنگازە"* بۆیە ئەم جیاکرنەوەیە پێویستە لەپێناو جەخت کرنە سەر تەنگاوییەکانی پەیوەست بۆ بەلەنگازی.

پڕۆژەی پێشکەشکراو بۆ سندوقی فراوانکراوی بەدەنگەوهاتنی مرۆیی ١٧ رۆژی کاری پێویستە بە رایيکردنيی لە رۆژی وەرگیرانییەوە. سەکۆیکارەکە پشتی بە نمونەی داواکارییەك بەستبوو کە پێکهاتبوو لە *دراوەکان و چالاکییەکان و ئەنجامەکان و ئامانجەکان و ئەنجامەکانی ئامانجەکان* و راهێنانەکە تێڕوانینێکی گشتیشی بۆ پرۆسەی داواکاریی بەڵگەنامەی سندوقی فراوانکراوی بەدەنگەوهاتنی مرۆیی خستەڕوو، بە خۆهەڵسەنگاندن و خەملاندنی پێویستییەکانیشەوە. هەر لەو سەکۆیکارە باس لە بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای ئەنجامگیری کرا وەك ئەوەی چۆنیەتیی پلان بۆ دانان و دروستکردنی نیشانەکانی سەرکەوتن لەسەر بنەمای چاودێریکردنی کارکردن و چۆنیەتیی فۆرمەلەکردن و پێناسەکردنی ئەنجامی پشتبەستوو بە زانین.

پێوەرەکانی بەشداریپێکردن لەو راهێنانە بریتیبوون لە ئەزموونی پێشووتر و کارکردن لە بواری مرۆیی لەگەڵ هەندێ پێوەری تریش کە دەبوو لە رێکخراوە ناحکومیەکاندا هەبێت بەو پێیەی ئەوان لەوانەیە ببنە هاوبەشی سندوقی فراوانکراوی بەدەنگەوهاتنی مرۆیی. بەرپرسی کاروباری مرۆیی مایکل سێرڤادێ لە ئۆچا/ یونامی وتی کە ئەو سەرسامی خۆی بە ژمارەی بەشداران دەربڕی و وتی "لە راستیدا ئێمە دامانابوو بە ٣٥ بەشدارمان هەبێت بەڵام ٤٤ بەشدارمان هەبوو." سەلاحەددین تاکە پارێزگا بوو کە کەس لێیەوە ئامادە نەبوو.




بەشداران باسیان لە بنەما سەرەکییەکانی تەنگاویی مرۆیی ئاڵۆز و دەستێوەردان بۆ رزگارکردنی ژیان و پاراستنی باری گوزەران کرد. سەرۆکی نوسینگەی عیراقی ئۆچا بە وەکالەت یاسمین رۆکێنفێلەر نمونەی بۆ هەر یەك لەو سێ بابەتەی سەرەوە هێنایەوە: " نمونەی تەنگاویی مرۆیی ئاڵۆز وەك ئەوەی ساڵێك پێش ئێستا شاری سەدر هێرشی کرایە سەر." دەستێوەردان بۆ رزگارکردنی ژیان گواستنەوە لەبەر هۆکاری پزیشکییە لە بارودۆخی شەڕدا یان رێوشوێنی راستەوخۆ بە کۆتایی هێنان بە نەخۆشییە گوازراوەکانی وەك سورێژە یان کۆلێرا. پاراستنی باری گوزەران جێبەجێکردنی پرۆژەی درێژخایەنی پەرەپێدان لە بوارەکانی وەك بەخێوکردنی ماسی و کشتوکاڵ دەگرێتەوە. زۆربەی بەشداران بیرۆکەی دیاریکراویان بۆ پێشنیاری پرۆژەی دوارۆژ خستە روو، راهێنانەکەش یارمەتییانیدا دەستێوەردانەکانیان بۆ هاوکاریکردنی کۆمەڵگا جێمەبەستەکان لەسەر بنەمای بەلەنگازی نەك حاڵەت دابڕژن کە ئەوەش جیاکارییەکی گرنگە لە خەملاندنی پێویستییەکان. ئیمان ئەلوەزیر وتی کە ئەو سەرسام بووە بە ئاستی پەرۆشیی بەشدارانی ئەو جۆرە چالاکییانە. یەکێك لەو بەشدارانە بەڕێز شاکر مەحمودە کە بە باوکی جیهاد دەناسرێ و سەرۆکی کۆمەڵەی پەککەوتەکانە لە واسیت کە ئامانجی شیاندنەوەی پەککەوتەکان و تێکەڵکردنەوەیان بە کۆمەڵگایە. ئەو وتی: "لە رێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئێمە فێربووین چۆن پێشنیاری پرۆژەیەك بنوسین تێیدا پێویستییەکان و ریزبەندیی ئەرکەکان و میکانیزمی دارایی بەدەستهێنان بە روونی دەستنیشان بکەین."

زیاتر لە ١٠٠٠٠ کەسی پەککەوتە، ٤٠٠٠ ئافرەت و ٦٠٠٠ پیاو، ناونوس کراون لە کۆمەڵەکەی باوکی جیهاد کە دوو ئەرکی دەستبەجێی بۆ پارێزگای واسیت ریزبەند کردووە:

١) دەستنیشانکردنی شوێن و پوچەڵکردنەوەی مینە زەمینییەکان لەو شوێنانەی پارێزگا کە لەگەڵ ئێران هاوسنوورن بەپێیەی ژمارەیەکگی زۆری ئەندامانی کۆمەڵە قوربانیی تەقینەوەی مینن. ئەو قوربانییانە، بە تایبەتی ئەوانەی منداڵن، پێویستییان بە یارمەتی و کەلوپەل و دارشەقە و کورسیی رەوڕەوەدار هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی بجوڵێنەوە و ئامادەی چالاکییەکانی قوتابخانە بن. ئەو هەروەها دووپاتی کردەوە کە پێویستە ئافرەتانیش لەو کەلوپەلانەیان بدرێتێ بەو پێیەیە ئەوان دووقات بەدەست نامۆبوونەوە دەناڵێنن لەڕووی پەککەوتەیی و جێندەرییەوە.

٢) ریزبەندیی دووەم بریتییە لە هەوڵدان بۆ دابینکردنی دارایی بە ئامانجی خاوێنکردنەوەی ئاو لە ناوچەی کوت بۆ کەمکردنەوەی نەخۆشی، بە تایبەتی لەناو منداڵاندا. ئەو راهێنانە شارەزایی تەکنیکیی پێبەخشی کە بتوانێت داواکاری بۆ دارایی وەرگرتن پێشکەش بکات.

ئێنجا لە بەرنامەیدایە سەرجەم ٤ سەکۆیکار لە بەغدا و هەولێر و بەسرا و عەممان ساز بکات. سێ سەکۆیکاری یەکەم بۆ رێکخراوە ناحکومییە عیراقییەکان و ئەوی چوارەمیش بۆ هاوبەشانی نێودەوڵەتی دەبێت. ئەم سەکۆیکارە ساز نەدەکرا ئەگەر راهێنان و پشتگیریی کارمەندانی ئۆچا و بەشی چاودێری و هەڵسەنگاندن لە بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP) نەبووایە. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر سندوقی فراوانکراوی بەدەنگەوهاتنی مرۆیی، تکایە سەردانی http://ochaonline.un.org/iraq/AppealsFunding/ExpandedResponseFundERF/tabid/2378/language/en-US/Default.aspx بکە.

# گوڵەکانی عیراق: منداڵانی عیراق نواندنێکی مۆسیقا پێشکەش دەکەن



نوسینی: رەندا جەمال

منداڵانی عیراق لە رابردوو و داهاتووشدا بە دەست ناخۆشییەکانی شەڕەماڵوێرانکەرەکانەوە ناڵاندوویانە و دەناڵێنن. هەلەکان زور کەمن و ئەگەر هەشبن ئەوە یەکسەر لە لایەن گەنجەکانەوە دەستیان بەسەردا دەگیرێت بۆ هێنانەدی خەون و ئاواتە بەدینەهاتووەکانیان.

"گوڵەکانی عیراق: ئاشتی لە رێگەی هونەرەوە" ئەو چەمکەیە کە " رێکخراوی مۆسیقای عیراقی" بەو هیوایەیە لە منداڵە هەژارەکاندا دروستی بکات بە رخساندنی هەلی باشتر لە رێگەی راهێنانی مۆسیقاوە. لە ٣ی مانگی نیسانی ٢٠٠٩شدا، رێکخراوەکە کۆنسێرتێکی سازدا لە ئۆتێلی رەشید لە تێیدا منداڵانی عیراقی تەمەن ٩-١٦ ساڵانە نواندنیان پێشکەش کرد.

ژەنیاری "ئۆرکسترای سەمفۆنی نیشتمانی عیراقی" کەریم وەسفی وتی ئەم دەستپێشخەرییە لەسەر بنەمای دابینکردنی ژیانی باشتر بۆ منداڵانی عیراق بنیات نراوە. ئەو هەروەها باسی لە هۆکارێکی تریش کرد کە بریتییە لە هاندانی ژەنیارانی دەرەوەی وڵات کە بگەڕێنەوە بۆ وڵات بۆ رەخساندنی هەل فێربوونی مۆسیقا بۆ منداڵان. لە لایەکی تریشەوە وەسفی وتی کە ئەو توانیبووی ٢٨ ژەنیاری تاراوگە بگێڕێتەوە لە رێی ئەو دەستپێشخەرییە هاندەرانەی کە ئامانجیان روونە . ئێستا ١٦ ژەنیاری تری پەرتەوازەی وڵاتانی دراوسێ بۆ گەڕانەوەیان بۆعیراق بیر لە هەبوونی هاندەر دەکەنەوە.

پێش نواندنەکەی ٣ی نیسانیش، ئەندامانی"ئۆرکسترای سەمفۆنی نیشتمانی عیراقی" بۆ ماوەی چەند مانگێك راهێنانیان بە منداڵان کردبوو. لە ژێر دروشمی "زنجیرە کۆنسێرتی گوڵەکانی عیراق"دا، ٥٥ ژەنیار ئامێرە مۆسیقییە جۆراوجۆرەکانی وەك کەمان و کەمانی لاق و زوڕنا و کەڕەنا و بلوێر و پیانۆ و کەمانچەی دەنگ گڕ و زوڕنای گەورە و مۆسیقای فوویی و ترەمپێت و بۆقیە و ساکسەفۆنیان دەژەنی. هەندێکیان بۆ ماوەی ٧ مانگ هەندێکی تریشیان تەنها بۆ ماوەی ٢ مانگ راهێنانیان کردبوو. بە گوێرەی وتەی رێکخەرەکانیش، منداڵەکان کە ٣٠٪یان ئی شاری سەدر بوون و ئەوانی تریش ئی گەڕەکەکانی تری بەغداد بوون بە پارانەوە داوایان لێکرابوو. بە گوێرەی وتەی بەڕێز وەسفیش، ئەگەر ئەم دەستپێشخەرییە سەرکەوتوو بێت ئەوا ئەو لە پارێزگایەکانی تری عیراقیش هەمان هەنگاو دەنێ بگرە دەبێ بە پشت وڵاتانی بەشەڕکاولبووی تریش بکەوێت.

موحەممەد کە یەکێك بوو لەو کەسانەی راهێنانی لەسەر ئامێری کەمان بە منداڵان کردبوو وتی کە بەراستی ووتنەوەی مۆسیقا بە منداڵان و راهێنانیان لەسەر ژەنینی ئامێرێکی مۆسیقی تایبەت چێژێکی زۆری هەیە. ئەو لەمبارەوە وتی

"ئەم پرۆڤانە زۆر گرنگن بە تایبەت لە کاتێکدا کە قوتابخانەکان ئەو جۆرە ئارەزووەیان نییە کە ئامێرەکانی موسیقا بخەنە بەرنامەی خوێندنەوە چونکە ئەوان بە شێوەیەکی لاوەکی نەگ گرنگ سەیری مۆسیقا دەکەن." دانپێدانانی منداڵەکانیش دەربڕ و نیشاندەری ئەم پەیامە بوون. یەکێکی تری تەمەن ١٣ ساڵ بە ناوی مستەفا وتی کە ئەو لەسەر ئامێری زوڕنان بۆ ماوەی ٢ مانگ راهێنانی کردووە و وتیشی کە ئەو " هەمیشە مۆسیقای جازی خۆش دەوێت و خەونیشی بەو رۆژەوە دەبێنی کە بتوانێ زوڕنان لێبدات."

منداڵێکی تری تەمەن ١٠ ساڵانە بە ناوی شەمس وتی کە ئەو ئامێری کەمانی خۆش دەوێت و کاتێکیش کە ئەم ئامێرە لێدەدرێت ئەو بە تامەزرۆییەوە گوێی بۆ شل دەکات. ئەو لەمبارەوە وتی "دایکم هانیدام بۆ ژەنین و خۆڕاهینان. مندالێکی تری تەمەن ٩ ساڵانەش بە ناوی ئەببودی کە ئێستا لەگەڵ گرووپەکە راهێنان ئەنجام دەدات هەمان خۆلیای هەبوو وتی "من و گشت براو خوشکەکانم مۆسیقامان خۆش دەوێت و بۆیە ئەوان بەو ئاواتەوەن کە من رۆژێك لە رۆژان ببمە ژەنیار."

رابەری مۆسیقای "گوڵەکانی عیراق" بەڕێز عەلی خەسسابیش وتی کە بەڕاستی ئەمە ئەزموونێکی سەرنجراکێشە بۆ ئەو بە "رەخساندنی هەل لە داهاتوودا بە پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی ژەنیاری عیراقی."



شایانی باسە بینینی منداڵەکانیش ووزەو خۆشییەکی زۆری بە ئامادەبوان بەخشی کە لەڕاستیشدا بۆ ئەوانەی لەوێ بوون ئەزموونێکی هەمیشەلەیاد بوو. نواندنەکە دەربڕی ئەو بارە دژوار و مەترسیدارە بوو کە بەرۆکی منداڵانی عیراقی گرتوە و لەهەمان کاتیشدا نیشاندەری توانای راستەقینەی منداڵانی عیراقیش بوو ئەگەر هەلیان بۆ برەخسێنرێت. ■

# حکومەتی عیراق و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی وشیاری راگەیاندن لەسەر ئەنفلەوەنزای بەراز بڵاو دەکەنەوە



نوسینی: رەندا جەمال

بەمەبەستی دەوری راگەیاندن لە وەڵامدانەوەی لەکاتیخۆیدا بۆ هەر پەتایەکی درمی پەیوەست بە ئەنفلەوەنزای H1N1 لە عیراقدا کە بە ئەنفلەوەنزای بەرازیش ناسراوە، حکومەتی عیراق و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سەکۆیکارێکیان لە ٢٩ی نیسانی ٢٠٠٩دا ئەنجامدا. ئەندامی "لێژنەی ئاستبەرزی بەرگریکردن لە ئەنفلەوەنزای تەشەنەکردووی سەر بە نووسینگەی سەرۆکوەزیران" د. ئیبتیسام عەزیز وتی کە سەکۆیکارەکە بۆ یارمەتیدانی "ستراتیژی تەندروستی نیشتمانی" ئەنجامدراوە لە پێناو قەڵاچۆکردنی پەتای ئەنفلەوەنزای بەراز.

راگەیاندنی ئامادەبوو هەوڵیدا قەناعەت بە بەرپرسانی تەندروستی بێنێ لەسەر کاریگەریبوونی "ستراتیژی نیشتمانی" و وە ئایا ئەم ستراتیژە توانای پێشپێگرتنی ئەم پەتایەی هەیە لە بڵاوبوونەوەی لە وڵاتدا. هەندێکیان بێهیوایی خۆیان دەردەبڕی لەسەر نەبوونی خزمەتەکانی پێدان بە تایبەت لە بواری تەندروستیدا.

ڕێکخراوای تەندروستی جیهانی هەماهەنگسازی بەدەنگەوەهاتنە جیهانییەکان دەکات لەسەر حاڵەتە مرۆییەکانی ئەنفلەوەنزای بەراز و چاودێری هەڕەشەی ئەم پەتایەش دەکات. لە سەکۆیکارەکەشدا پزیشکی نەخۆشییە درمییەکان د. بۆسانیا غانێم تەرکیزی کردە سەر ئەو شێوازە خۆپاراستنانەی کە لە قەڵاچۆکردنی ئەنفلەوەنزای بەراز بەکاردێن بە خۆدوورگرتن لە نزیکبوونەوە لەو کەسانەی کە پێدەچێ نەخۆش بن و تاو و کۆخەشیان لێیە و دەستشۆردنی زۆر و تەواو بە ئاو و سابوون لەگەڵ ئەنجامدانی رەفتارە تەندروستییە باشەکانی وەك خەوتنی پێویست و خواردنی بەسوود و بە چالاك هێشتنەوەی لەشیشەوە.

ئەو هەروەها وتی "هەموو وڵاتێك بۆی هەیە ئەم پەتایەی تێدا بڵاو بێتەوە و داخستنی سنوورەکانیش مەرج نیە ببێتە هۆی بەرگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە."

ئامۆژگاری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەوەیە کە نە سەفەرکردن قەدەغە بکرێت و نە سنوورەکانیش دابخرێن بەڵکوو ئەو ڕێکخراوە ئەوەی بە ژیریی دەزانێت کە ئەو کەسانەی نەخۆشن سەفەرەکانی دەرەوەیان دوابخەن و هەروەها ئەو کەسانەش دوای گەڕانەوەیان لە سەفەری دەرەوە هەست بە نیشانەکانی نەخۆشییەکە دەکەن خۆیان بگەیەننە بنکە تەندروستییەکان بە گوێرەی ڕێنماییەکانی دەسەڵاتدارانی نیشتمانی.

د. عەزیز پێی لەسەر هەبونی بیانییەکان داگرت چ ئەوانەی لە درەوەی وڵات دێنەوە و چ ئەوانەش بۆ دەرەوە ی وڵات دەچن کە ئەمە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت هاتنی نەخۆشییەکە بۆ ناو عیراق ئاسان بکات.

فایلی ( H1N1) Aیش بە جێگری سەرەك وەزیران د. رافع ئەلعیساوی سپێردرا و




حکومەتی عیراقیش ئامادەیی خۆی دەربڕی لە دابینکردنی هەر شتێك پێویست بێت بۆ رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە لە عیراقدا. هەرچەندە هیچ حاڵەتێکی ئەم نەخۆشییە تا ئێستا لە عیراق دەرنەکەوتوە، بەڵام بە مەبەستی پێشگرتن لەو پەتایە بودجەیەکی ٣٠ ملیۆ دۆلاری بۆ ڕێوشوێنەکانی خۆپاراستن تەرخانکرا. ■

## رێکخراوەکانی لە عیراق دەستبەکارن
## چالاکییەکان بە گوێرەی کەرتەکان
## نیسانی ٢٠٠٩

- کەرتی فەرمانڕەوایی کردن لە ڕێی تیمی دەوری یاساو سەردانی دادگای مۆدیلی بەغدادیان کرد و لەگەڵ ئەندامانی لێژنەی هەماهەنگسازی سەر بە ئەنجومەنی باڵای دادوەری کۆبوونەوە.
- بە مەبەستی گەشەپێدانی ستراتیژی دژەگەندەڵی و بۆ بەشداربوونیان لەگەڵ حکومەت و لایەنە پەیوەندارەکان، رێکخراوی (UNDP) بە هاوکاریی نووسینگەی تاوان و ماددەهۆشبەرەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان سەکۆیکارێکی هاوبەشانەی ئەنجامدا کە تێیدا چەندان رێکخراوی دژەگەندەڵیی عیراقی ئامادە بوون.
- "تیمی ئەنجامی کەرتی تەندروستی" بەردەوام بوو لەسەر رووبەڕووبوونەوەی نەخۆشی سورێژە. لە ١٣ هەفتەی یەکەمی ٢٠٠٩دا، ١٣٦٧٩ حاڵەت راگەیندران و ٣٥ منداڵیش بە هۆی ئەم نەخۆشییەوە گیانیان لەدەستدا. رێکخراوی تەندروستی جیهانیش بەو داراییەی لە لایەن "بەهاناهاتنی مرۆیی" و "سندووقی بەهاناوەچوونی کتوپڕی ناوەندی" و رێکخراوی یونیسێفەوە دابینکرابوو ٢ ملیۆن پێکوتە و ٧.٥ ملیۆن سرنجی پێ دابەشکرد لەگەڵ دانی بایەخی زیاتر بە پارێزگاکانی دیالە و ئەربیل و نەجەف و سلێمانی.
- "تیمی ئەنجامی کەرتی ئاوەدانکردنەوەی ئابووری"ش لە رێگەی رێکخراوی (UNDP)یەوە "ماستەرپلانی فڕوکەوانیی مەدەنی" پێشکەشکەش بە حکومەتی عیراق کرد. پلانەکە کە هاوبەشانە لەگەڵ "دەسەڵاتی فڕۆکەوانیی مەدەنیی جیهانی" دارێژرابوو دۆخی ژێرخانی فڕوکەوانیی عیراقیی هەڵدەسەنگێنێ و پێشنیاری بەکارهەڵسانیش دەکات بە گوێرەی پێوەرە جیهانییەکان رێککارەکانی سەلامەتی. "تیمی ئەنجامی کەرتی پەروەردەش لە رێگەی رێکخراوی یونیسێفەو خولی"راهێنانی ڕاهێنەرانی" لەسەر پەروەردەی خانەوادە بۆ گشت ئەندامانی ئەو بەشانە لە "کۆلێژەکانی پەروەردە و زانستەکانی عیراق" لە بەغداد و بەسرە و ئەنبار و سەلاحەددین لە زانکۆی ئەردەن ئەنجامدا.
- رێکخراوی خۆراکی جیهانیش کە سەرۆکی "تیمی ئەنجامی کەرتی یارمەتی خۆراکی"یە ستراتیژی ٢٠٠٩-٢٠١٤ی خۆی پێشکەش بە حکومەتی عیراق و تیمی وڵاتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد. مەبەستیش لەم ستراتیژە تازەیان گرتنەبەری شێوازێکی یارمەتیی خۆراکیی گشتگرە بە مەبەستی یارمەتیدانی حکومەت لەسەر پەی بردن بە هۆکارە بنەڕەتییەکانی هەژاریی و تێکەڵاوکردنی هەموو کۆمەڵە هەژارەکان لەگەڵ کۆمەڵگا و ئابووریدا.
- رێکخراوی (هابیتات)یش کە سەرۆکی "تیمی ئەنجامی کەرتی حەواندنەوە و جێنشینکردن"ە لەگەڵ حکومەت و هاوکارە پارەبەخشەکانی (بە سکرتاریەتی رێککەوتنامەشەوە) کەوتە راوێژکردن سەبارەت بە بەرنامەی وڵات بۆ ٢٠٠٩-٢٠١١. ستراتیژی هەڵسوڕێنەری داهاتووی هابیتات تەرکیز لەسەر یارمەتی تەکنیکی و تواناسازی و ستراتیژی تایبەتی سەر ئاستی حکومەت دەکات.
- "یەکەی شیکار و زانیارییەکان" داتابێسێکی ٣ ئاراستەی دروستکرد کە ئامڕازیی نەخشەسازیی تازەشی تێدابوو لەگەڵ ئەنجامدانی بەدواداچوون لە گەڵ رێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر چەمك و سوودمەندانی پڕۆژەی ٣ ئاراستەیی. لە لایەکی تریشەوە، ئەم یەکەیە زنجیرەی دووەمی پرۆفایلەکانی حکومەت بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بڵاو کردەوە و ئێستاش لە ماڵپەڕی www.iauiraq.org گشت پرۆفایلەکانی حکومەت و بەرهەمەکانی تری زانیاری بەردەست دەکەون.

* زانیارییەکان لە لایەن بەشی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و مرۆیی یونامییەوە دراوون.


هەواڵنامەی (یونامی)

**هەواڵنامەیەکە نوسینگەی راگەیاندنی سەر بە نێردەی نەتە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی ) دەریدەکات**
**بابەتەکانی ئەو هەواڵنامەیە مەرج نییە دەربڕی رای نەتوەیەکگرتووەکان بێت**



**بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بەم پۆستە ئەلکترۆنییە ی خوارەوە بکەن:**
**Unami-information@un.org**
**یان پەیوەندی بە خاتوو رەندە جەمال بکەن بەم ژمارەیەی خوارەوە:**
**2644 - +962 6 5504700**
*jamalr@un.org*
پێگەی ئەلکترۆنی: www.uniraq.org